# ڕۆژێك دێ من كچێكم لەم شارە خۆشدەوێ



**هیوا قادر**

2003-6-22

**باران دەبارێ لە مەریوان**
**كوكوختیيەكان لەبەر هەیوانەكاندا دەخوێنن,**
**بۆنی گوڵەكان سیلەی كۆڵانە تەسكەكانی گرتووەو**
**سەوزە فرۆشێك هەموو بەهار لەسەر عەرەبانەكەیەتی و**
**باران بە ڕەنگی سەوز و تامی سەوز و بۆنی سەوزەوە دەفرۆشێ.**
**بۆنی كەبابەكەی مام قوربانی ئیشتها دەبەخشێتەوە و**
**كلۆ قەندەكان لە ژێر زماندا**
**بەدەم قومە چاكانەوە چا یخانەكە پڕدەكا لەدەمی شیرین,**
**هەر منم زڕەی پیاڵەم دێ و باران تاو تاو دەبارێ**
**باران دەبارێ و مەریوان سەوزتر ئەبێ و من دوكەڵاوی تر,**
**من خەیاڵاوی تر لە تەم, هەڵم لە جلەكانمەوە هەڵدەستێ و**
**لە دڵی خۆمدا دەڵێم خودایە مەریوان چەند جوانە و**
**منیش چەند خەمبار.**

**باران دەبارێ لە مەریوان**

عەرەبانچییەك سێوێك دەكات بە دەم ئەسپێكەوەو
منداڵێك دوای هەنگاوەكانی باوكی دەكەوێ و پێیناگات,
قەسابێك پێستی كەللە گایەك دەگورێ و
جۆگەلەیەك زیخە لەسنگە باریكەكەیەوە دێ و بێ چاوەڕوانی كەس دەڕوا.
دلۆپە بارانەكان بە سەر شوشەی پە نجەرە شینەكاندا دەخزێن و
دڵ وەك ژووری تاریك پڕدەبێ لە فەرەحی و نووری ئاو.
سوولەی گوێسوانەكان خۆیان لە قسەی ڕێبواران هەڵەقورتێنن,
پرشەیان پێستی ژێر عەبای كچانی زەمبیلە بەدەست دەخورێنێ و
ژێر گوێسوانەكان پڕدەكا لە جیكەی شپرزەی پەڕەسێلكەكان.
باران گوڵی دەسكە رێواسەكانی بەر دووكانێكی بەقاڵ دەوەرێنێ و
دەنكە چوالەكان لەعەزرەت دووری كرتەی ژێر ددان جیڕدەبنەوە,
حەسەن زیرەك بەم بارانە لەبەر دەرگای گەرماوێكدا
گۆرانی بۆ قومری دەڵێ.
كیژۆڵەیەكی تا گرتوو لەبەر پە نجەرەیەكدا
دوای خوێندنەوەی شیعرێكی فەروغ
وێردێك بە دلۆپە بارانێكدا دەنێرێ و
لە پەڕینەوەی چوارڕیانێكدا دەتكێتە ناو چاوی من.

ئێستا لە مەریوان باران دەبارێ...